# کینە و خۆشەویستی

ستینە ڕێناتە هۆهەیم (تەمەن 18 ساڵان):

«گەر تەنها پیاوێک ئەو هەموو کینەیە نیشان بدات، ئەی ئێمە گشتمان پێکەوە دەتوانین چەند خۆشەویستی نیشان بدەین!»

ڕۆژی هەینی 2011/7/22 ،کات 3 و 22 خولەک، ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لەبەردەم ئەو باڵەخانەیەی، کە ئۆفیسی سەرۆک وەزیران و چەند وەزارەتێکی دیکەی تێدایە، تەقییەوە. بۆمبەکە هێندە بەهێزبوو، تەواوی ڕووکاری ئەو باڵەخانەیە و باڵەخانەکانی دراوسێشی دارمان. تەنانەت، ئەو دوکان و ڕیستۆرانتانەی کە لە دووریی کیلۆمەترێکیشەوە بوون جامخانەکانیان شکا.

ئەو کەسەی ئەم کارە تریرۆستییەی ئەنجامدا، ڕەگەز و نەتەوەپەرست و مەسیحییەکی توندڕەوە. بەگووتەی خۆی دژ بە ئیسلام و مارکسیزمە/ کۆمۆنیزمە. ئەم کارەشی بۆ ئەوە کردووە، تا حکومەت و خەڵکی لە مەترسی زۆربوونی موسڵمان لە نەرویجدا بەئاگا بهێنێتەوە.

دوای دانانی ئۆتۆمبیلەکە، لە شوێنی مەبەستدا، ئەم تیرۆریستە، بەرەو دورگەی ئوت، دەکەوێتەڕێ. ڕووبەری دورگەکە پانتاییەکەی زۆر کەمە و بە دارستانێکی چڕیش داپۆشراوە. لەو دورگەیەدا کەمپی «ساڵانەی هۆشیارکردنەوەی سیاسی» لاوانی پارتی کرێکاران سازدرابوو. نزیکەی 600 لاو و منداڵی سەر بەو پارتە تێیدا بەشداربوون (هەندێک لە بەشداربووان تەمەنیان ژێر 18 ساڵان بوو).

کابرای تیرۆریست، پۆشاکی پۆلیسی لەبەردا دەبێت و خۆیشی تەواو پڕچەک کردبوو. کە دەگاتە دورگەکە. تیرۆریستەکە دەکەوێتە تەقە کردن و چەند کەسێکیان لێ دەکوژێت، ئیدی ترس و بیم دەکەوێتە دڵی لاوەکانەوە، هەریەکە بەرەو لایەک هەڵدێت. لاوەکان لە هەر کوێیەک پەنایەک ببینەوە، درەخت، تاشەبەرد، بنچک و دەوەن، خۆی لێدەشارنەوە. تیرۆریستەکە دەکەوێتە شوێنیان و لەهەر یەکێک نزیک بێتەوە تەقەی لێ دەکات. تەنانەت دەگەڕێتەوە سەر ئەوانەش، کە پێکاونی و گوللەی دیکەیان پێوەدەنێت، تا بەتەواوی دڵنیابێت، کە کوشتوونی!

زۆربەی لاوەکان بەرەو کەنارەکان هەڵدێن و لەترسی مەرگ خۆ هەڵدەدەنە دەریاوە. ئەو ڕۆژە هەوا سارد و باران بوو. ئاوی دەریاش سارد بوو. مەلە کردن، بەترس و دڵەڕاوکێ و لە کەش و هەوایەکی وا سەختدا، بێگومان کارێکی دژوارە، گەر مەحاڵ نەبێت!

تاوانکار دێتە ڕۆخی دەریاکە و دەستڕێژ دەکات، چەند کەسی دیکەش لەناو دەریادا دەپێکێت. دوای ئەوەی کە دەبینێت لاوەکان لە سێرەی تفەنگەکەی دوورکەوتوونەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ناو دورگەکە، تا هەر کەسێک ببینێت، بیکوژێت.

ئەم کوشتارە نزیکەی 80 تا 90 خولەک دەخایەنێت، تا هێزێکی پۆلیس دەگەنە دورگەکە و تریرۆستی تاونکار بێ بەرگری، جەک دادەنێت و خۆی دەداتە دەست پۆلیس.
دەرئەنجام لەو دورگەیە 69 کەس کوژران و لەئەنجامی تەقینەوەی بۆمبەکەشدا 8 کەس کوژران، لە هەردوولا چەندین بریندار هەبوون. تێکڕا 77 کوژران.

## چیرۆکی چەند کەسێک، کە لە کوشتارەکەی دورگەی ئوت، ڕزگاریان بوو

### کوڕێک گوللەیەک دەدرێت لە پشتی

«کاتێک دەنگی تەقە گەیشتە نزیک چادرەکەی ئێمە، من و دوو هاوڕێم لە چادرەکە هاتینە دەرەوە و تا هێزمان تێدابوو ڕامان کرد. زانیم هاوڕێکانم پێکران، بەڵام من هەر ڕام دەکرد، تا گەیشتمە ڕۆخی دورگەکە، ئیتر نەمتوانی خۆم هەڵدەمە دەریا و مەلە بکەم. تاوانکارم دیت هەر تەقەی دەکرد، ئیتر بەتەواوی لە من نزیک کەوتەوە. منیش بەناچاری ئاوڕمدایەوە و لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوومەوە. هەر سێ، چوار مەتر لێم دووربوو.
هیچ شڵەژان و نیگەرانی و ترسێک بە ڕوخسارییەوە دیارنەبوو، نیگاکانی زۆر ساردبوون. پاڕامەوە هاوارم کرد:
- تکایە تەقەم لێمەکە، تکایە مەمکوژە!
تاوانکار بۆ ساتێک لێی ڕوانیم، نازانم چەند چرکە بوو، بەڵام ئەو ساتانە بۆ من زۆر درێژخایەن بوون، هەر تێنەدەپەڕین. نازانم چۆن تەقەی لێنەکردم، دوای چەند چرکەیەکی کەم، پشتی تێکردم و چەند هەنگاوێک دوورکەوتەوە. منیش لەترس و لەشادی لەمەرگ ڕزگاربوون، پشتم کردە تاونکارەکە و لە دەریام دەڕوانی. دەمویست بۆ چەند چرکەیەکیش بێت دیمەنی ڕوخساری لە بەرچاوم ون بێت. لەپڕ گوێم لە هێنانەوەی میلی جەکەکەی دەستی بوو، بیرێکی بروسکە ئاسا بەمێشکمدا هات، کە ئەمە دوا ساتی ژیانمە. هێشتا ئەو بروسکەبیرە، لە مێشکمدا تێنەپەڕیبوو، کسپە لە گازەرای پشتم هەڵسا و دنیام لەبەرچاو ڕەشبوو.»

### کچێک بۆ ماوەی سەعاتێک خۆی دەکات بەمردوو!

«لەگەڵ  چەند هاوڕێیەکمدا لە چادرەکەماندا بووم، کە گوێمان لە تەقەکان بوو هاتینە دەرەوە، تا بزانین چییە، دیتمان چەند کەسێک بەشپرزەییەوە ڕا دەکەن و هاوار دەکەن
- ڕاکەن خۆتان بشارنەوە!

ئێمەش نەمانزانی چ باسە، بەڕاکردن دوایانکەوتین. گوللە بەسەرماند گیڤەی دەکرد! چەند کەسێک لەملا و لەولامەوە، کەوتن. نەماندەزانی بەرەوکوێەوە دەچین، هێندەمانزانی گەیشتینە ڕۆخی دورگەکە. ئەو جێگەیە نزیکەی 2 مەتر بەرز دەبوو. لە دامێندا زەوییەکی جەند مەتر دوور لە دەریاکە هەبوو، چەند کەسێک کەوتنەخوارەوە، کەسانی دیکەش لە دوامانەوە بەڕاکردن و هاوارکردنەوە دەهاتن، لەو کاتەدا ڕاکردووەکان گەیشتنەلامان، هاواریان دەکرد:

- هات! هات!

ئەو کەسانە هێندە ترسا و شڵەژاوبوون خۆیان بۆ کۆنترۆڵ نەدەکرا، خۆیان پێدادابن و من هاوڕێیەکەم بەربووینەوە، چەند کەسێک بەسەرماندا کەوتن. دەنگی تەقە زیاتر نزیک دەبۆوە، چەند گوللەیەک لەنزیک منەوە دایان لە زەوی. هێندەم لەبیربوو بە هاوڕێیەکەم بڵێم، کە هیچ نەجوڵێت و خۆی بکات بە مردوو. منیش جوڵەم لەخۆم بڕی و خۆم وەک مردوو نیشاندا. کابرای تاوانکار لێمان نزیکبۆوە. چەند گوللەیەکی دیکەی نا بەو کەسانەوەی، کە لە بەرزاییەکەوە کەوتبوونە خوارەوە. ئیدی من بەتەواوی لەوە دڵنیابووم، کە ئێستا گوللەی دیکەش بەمنەوە دەنێت، بەتەواوی هەناسەم لەخۆشم بڕی. دوای چەند چرکەساتێک، گوێم لە هەنگاوەکانی بوو، دوور دەکەوتەوە، بەڵام من هەر نەدەجوڵام. گەرچی هەناسەشم دەدا، بەڵام بەڕاستی نەمدەزانی زیندوم، یان مردووم! دوای ماوەیەکی زۆر گوێم لەدەنگە دەنگ و هاواری خەڵک بوو. سەرەتا هەر نەمدەوێرا بجوڵێم، دواتر، کە دڵنیابووم دەنگی تیمەکانی فریاگوزارییە، ئیدی منیش هاوارم کرد و داوای یارمەتیم کرد، ئەوجا زانیم کە زیاتر لە سەعاتێک من خۆمکردبوو بەمردووا!»

### لەبەرئەوەی هاوڕێکەم، لەترسان زارەترەک ببوو، من نەڕۆیشتم و لەلای مامەوە.

«من دەرفەتم هەبوو مەلە بکەم و لە دورگەکە دوور بکەمەوە، بەڵام دیتم هاوڕێکەم زارەترەک ببوو، لەترسان سڕببوو، ئیدی نەمتوانی جێی بهێڵم. پێکەوە لە چاڵێکدا خۆمان شاردەوە هەتا دەنگی تەقە نەما. نەمزانی چەند کات تێپەڕیبوو. لە دەریاوە بەلەمێک بەرەولای ئێمە دەهات و کەسانی ناوبەلەمەکە هاواریان دەکرد:

- پێویستتان بە یارمەتی هەیە؟

بەڵام من هیچ وەڵامم نەدانەوە، دەترسام و گومانم هەبوو، وامدەزانی ئەوانیش هاوکاری تیرۆریستەکەن. دواتر دەرکەوت، کە خەڵکی دورگەکانی ئەوبەرن و بۆ فریاکەوتنی ئێمە هاتوون.»

ئەوەی دیومە نامەوێت بۆ هیچ کەسێکی باس بکەم.

«دوای کوشتارەکە، لەو پەنایەی خۆم لێشاردبۆوە، هاتمە دەرەوە. دیمەنی زۆر ترسانکم بینی. هەتا توانیم چاوەکانم توند نوقاند بۆ ئەوەی زیاتر نەبینم. ئەوەی دیومە نامەوێت بۆ کەسی باسبکەم !»

ڕاگنا باکئۆس سۆرلوندستینگن، (تەمەن 15 ساڵان):

ئیدی لەمەودوا من بۆ هەردووکمان دەژیم!

«من ڕزگارم بوو، بەڵام ئازیزترین هاوڕێم کوژرا. ئەو هاوڕێیەی، کە تەنانەت خەونەکانیشمان لەگەڵ یەکدیدا بەشدەکرد، ئێمە پلانی زۆرمان بۆ ئاییندە هەبوو، خەونمان بە ڕزگارکردنی جیهان و مرۆڤایەتییەوە دەدیت. ئیدی لەمەودوا من بۆ هەردووکمان دەژیم!»

ئێستا زێدەتر مرۆڤم خۆشدەوێت. ئێستا سوپاسگوزاری هەمو شتێکم!

«لەو کارەساتەدا، شتگەلێکم بینی و شتگەلێک فێربووم، کە پێشتر هەرگیز بەبیرمدا نەدەهات، نە بیانبینم و نە فێریشیان ببم. دوای ئەو کارەساتە زانیم، کە هەر مرۆڤێک هێزێکی بێسنوور لەناخیدا هەیە. من ئەو هێزەم لەناخی خۆمدا پەیداکردووە. ئێستا زێدەتر مرۆڤم خۆشدەوێت. ئێستا شتگەلی زۆر وورد، کە هەندێک جار زۆر بێبایخیش دێنە بەرچاو، لە لام گرنگە، ئێستا سوپاسگوزاری هەموو شتێکم!»

دوا پەیام!

«کە گوێم لە تەقە بوو، دیتم هەر خەڵکە و بەرەو لایەک هەڵدێت، منیش بەرەو هۆڵی کۆبوونەوەکان ڕامکرد. لە یەکێک لە پەنجەرەکانەوە تیرۆریستەکم دیت، بەرەو هۆڵەکە دەهات. لەترسان خۆم لەژێر هەندێک کورسی و مێزی کەڵەکەکراوی ناو ژوورەکەدا شاردەوە.

جوڵە و نقەم لەخۆم بڕیبوو. دەمزانی ئەو دڕەندەیە دێتە ژوورەکە و منیش دەکوژێت. بەبیرمدا هات پێش مردنم چەند دێڕێک بۆ دایک و بابم بنووسم و ماڵئاواییان لێبکەم. بە مۆبایلەکەم ئەم پەیامەم بۆ ناردن:

- دایە گیان، بابە گیان، خۆشمدەوێن، داوای لێبووردنتان لێ دەکەم گەر هەندێک جار دڵتانم ڕەنجاندبێت. سوپاس بۆ هەموو شتێک، ماڵئاوا!

هەر هێندەی من پەیامەکەم نووسی، دیتم تیرۆریستەکە لە پشت پەنجەرەکەی بەرانبەرم ڕاوەستاوە، تەماشایەکی ناو ژوورەکەی کرد. منی نەدیت. ئیدی من خۆم بۆ مردن ئامادەکرد. وامدەزانی ئەو ساتە

دواهەمین ساتی ژیانمە. ئەو وایدەزانی ژوورەکە کەسی تێدا نییە، بەڵام هەر بۆ دڵنیابوون، دەسترێژێکی بەناو ژوورەکەدا کرد. بەدڵنیاییەوە، گەر هاتبایە ژوورەوە منی دەدیت و دەیکوشتم.»

## کاردانەوەی خەڵکی نەرویج بۆ ئەم کارەساتە

هاکۆن، شازادەی نەرویج:

«ئەم ئێوارەیە شەقامەکان پڕن لە خۆشەویستی!»

ئێوارەی 7/25، دوو ڕۆژ دوای کارەساتەکە، لە ئۆسلۆ و گشت شار و شارۆچکەکانی نەرویج ڕێپێوانێک سازکرا، تێکڕا نزیکەی ملیۆنێک مرۆڤ لەو ڕێپێوانەنادا بەشداربوون (لە نەرویجدا چوار ملیۆن و نۆسەد و بیست هەزار و سەد (4920100) مرۆڤ دەژی). تایبەتمەندێتی ئەم ڕێپێوانە لەوەدابوو، کە دوای ڕووداوەکە، شاری ئۆسلۆ، وەک ناوچەیەکی جەنگزەدە ڕاگەیەندرابوو. ئەمە یەکەمجار بوو دوای ڕزگاربوونی نەرویج لەدەست نازییەکان لە 1945/5/8 دا، بارودۆخی وا ڕابگەیەنرێت! هەروەها تایبەتمەندێتییەکی دیکەشی ئەوەبوو، کە تەواوی بەشداربووان گوڵیان بەدەستەوەبوو. ئاخر ڕێپێوانەکە ناونرابوو ڕێپێوانی گوڵەباغ. نزیکەی هەموو ناوەڕاستی شار، بۆ ڕێزلێنان لە کوژراوەکان، بەگوڵ داپۆشرا. شازادەی نەرویج، هاکۆن، پەیامێکی بۆ بەشداربووانی ڕێپێوانەکە خوێندەوە. گەلێک وشە و چەمکی جوانی بەکارهێنا، وەک:

«ئەم ئێوارەیە شەقامەکان پڕن لە خۆشەویستی!

ئێمە وەڵامی دڵڕەقیمان بە لێکنزیکبوونەوە دایەوە!

ئێمە لەبری ڕق و کینە پێکەوە پەیوەستبوونمان هەڵبژارد !»

## سەرنج و بۆچوونی هەندێ کەس لەسەر کارەساتەکە

(ئەم سەرنجانە لە هەفتەنامەی مۆرگن بلادە 2011/7/29 وەرگیراوە)

### لە نێوانی کردار و گوتاردا مەدایەکی زۆر کورت هەیە!

فەیلەسوف و نووسەر، ئارنە یۆهان ڤێتلەسن:

«زۆربەی شارەزایانی کۆمەڵناس و دەروونناس، بڕوایان وایە، کە لە نێوان گوتار و کرداردا مەودایەکی زۆر

دوور هەیە، بەڵام من بە پێچەوانەوەی دەبینم. ئەم کارەساتەش سەلمێنەری ئەو بۆچوونەم بوو.»

«تیرۆریستەکەی ئۆسلۆ، چەند سەعاتێک پێش ئەنجامدانی کارەکەی، بیرو بۆچوونەکانی خۆی، کە ناوی لێناوە مانیفێست، لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بڵاوکردەوە و بۆ نزیکەی 2000 ئەدرێسی ناردووە»

فرانک ئارەبۆرت (پرۆفیسۆر لە بواری دەوڵەتداریدا):

دەبێت زێرابەکە خاوێنبکرێیەوە!

«دەبێت گوێ لە ڕاوبۆچوونە توندڕەوەکانیش بگیرێت و بەهەندیش وەربگیرێت. دەبێت ئێمە سەرلەنوێ پێناسەی فەزای گشتی و ڕای گشتی بکەینەوە. بەکورتی، دەبێت زێرابەکە خاوێنبکرێیەوە!»

تۆماس هیللاند ئێرکسن (پرۆفیسۆر لە سۆسیال ئەنترۆپۆلۆجی):

دەبێت گوتوبێژ لەسەر ڕەوشتی بەکارهێنانی «نێت ساید» بکەین.

«دەبێت ئەم ڕووداوە،گوتوبێژ و بۆچوونمان لە لەمەڕ ڕەوشتی بەکارهێنانی نێت ساید، جرِ تر بکات و پرسی ناوی نهێنی و ناوی خوازراویش ببێتە بەشێک لەو گوتوبێژانە.»

(سەراوەی ئەم نووسینە میدیای نەرویجە، بەتایبەتی ڕۆژنامەکان و هەندێک گفتوگۆ تەلەڤیزیۆنیە لەگەڵ ئەو کەسانەی، کە لە کوشتارەکەی دورگەی ئوت، ڕزگاریان بووە.)

## چەند پرسیار

- ئایا جیاوازی نێوان تیرۆریستێکی مەسیحی و تیرۆریستێکی ئیسلامی، یان هەر تیرۆریستێکی دیکە هەیە؟
- ئایا ڕەوایە- ڕاستە ئاین بۆ مەبەستی سیاسی بەکاربهێنرێت؟
- بۆچی مرۆڤ لە حاڵەتی ترسدا دەشڵەژێت؟
- ئایا، لە وەڵاتێکی ئازاددا (وەک نەرویج) پێویست دەکات پەنا بۆ تیرۆر ببرێت، لە کاتێکدا هەموو کەسێک

دەتوانێت بەئازادی بیروبۆچوونەکانی دەرببڕیت؟
- ئایا ئامانج، یان مەبەستێک هەیە لە مرۆڤ گرنگتربێت و ئەوە بهێنێت مرۆڤ لەپێناویدا بکوژرێت؟
- ئایا لە ڕێگەی توندوتیژی و تیرۆرەوە دەتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین؟
- ئایا لەپێناو گەیشتن بە ئامانج و مەبەستدا هەر ڕێگەیەک بگریتەبەر ڕەوایە؟
- ئایا تیرۆر هۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەئاگاهێنانەوەی خەڵکی؟
- تا ئێستا هیچ گروپێکی ئیسلامی و هیچ گروپێکی تیرۆریستی ئیسلامی، کەسی لە نەرویجدا بەناوی ئیسلامەوە نەکوشتووە. تۆ بڵێی تیرۆریستەکە ڕاستگۆ بێت و خەڵکی لە مەترسی ئیسلام ئاگاداربکردبێتەوە؟

- دەبێت مرۆڤ بپارێتەوە؟
- بۆ چ شتێک، یان لە چ کاتێکدا پاڕانەوە کارێکی دروستە؟
- ئایا ئەو کوڕەی لە تیرۆریستەکە پاڕاوەتەوە، کە نەیکوژێت، کەسێکی ترسنۆک بووە؟
- گەر تۆ بکەویتە بارودۆخێکی لەو جۆرە، بۆ ژیانی خۆت دەپاڕێیتەوە؟
- ئایا ئازایەتی هەموو کاتێک مرۆڤ لە مردن ڕزگار دەکات؟
- «تیرۆریستەکە نیگاکانی سارد بوون!» ئەمە دەربڕینێکی زمانەوانییە بۆ بەرجەستەکردنی حاڵەتێک. کە لە ڕاستیدا نییە. (واتە نیگای سارد و نیگای گەرم نییە) ئایا ئێمە دەتوانین لەڕێگەی زمانەوە بەرجەستەی حاڵەتێک بکەین،کە نەبێت؟
- «لەترس و لەشادی لەمەرگ ڕزگاربوون!» ئایا دەشێت دوو هەستی ناکۆک لەیەک ساتدا پێکەوە بن؟

- ئایا مرۆڤ لە حاڵەتی ترسدا ژیریتی خۆی لەدەست دەدات؟ یان مرۆڤ زیندەوەرێکی گێلەیە، هەرچی کۆمەڵ کردی ئەویش دەیکاتەوە؟ «ئێمەش نەمانزانی چ باسە و بە ڕا کردن دوایان کەوتین»
- مرۆڤ چۆن دەزانێت، کە زیندووە؟ «نەمدەزانی زیندووم، یان مردووم!»
- ئایا زیندوویەتی وابەستی ئاگامەندییە؟
- ئایا ئەو کاتانەی، کە نوستووین، چۆن دەزانین زیندووین؟
- ئایا مرۆڤ هەموو دەمێک- هەموو ساتێک، هەست بە تێپەڕبوونی کات دەکات؟
-گەر هەر مرۆڤێک ئەو هێزە بێسنورە لە ناخیدا هەبێت، بۆ لە کاتی ئاساییدا دەرک بەو هێزە ناکات؟
- ئەو هێزە بێسنورە، هەر لەناخی مرۆڤە «چاکەکان» دا هەیە، ئە لەناخی مرۆڤە «خراپەکان» دا نییە؟
- ئایا ئەوە پاڵنەری ڕەوشتییە، یان ترسی ڕووبەڕوو بوونەوەی دەرئەنجام و لێپرسیەوەیە، وامان لێ دەکات

هەڵوێستمان هەبێت؟

- پێویستە ژیانی خۆمان بخەینە مەترسییەوە بۆ ئەوەی یارمەتی کەسێکی دیکە بدەین؟

- بۆچی زۆربەی کەسەکان (لەم نووسراوەدا) دەڵێن نازانن چەند کات تێپەڕی، (ئەو چرکانە دوور و درێژ بوون) (نەمزانی چەند کات تێپەڕیوە) ئایا مرۆڤ لەساتی ترسدا، لەکات بەدەر دەبێت؟

- مرۆڤ لە دوای ئەوەی ڕووبەڕووی کارەساتێکی وا سەخت دەبێتەوە مەرگی خۆی دەبینێت، ئیدی بڕوای بەکەس نامێنێت؟ «گومانم هەبوو، وامدەزانی ئەوانیش هاوکاری تیرۆریستە بکەن»

- «تا توانیم چاوەکانم نوقاند، تا زیاتر نەبینم!» گەر شتەکان نەبینین، ئیدی بەرپرسیاریەتی ڕەوشتیمان ناکەوێتە سەرشان؟

- گەر نابینابین و هیچ نەبینین، ئەوکاتە لەبەرپرسیاریەتی ڕەوشتی بەدەرین؟

- گەر ناخۆشی و ئازارەکانمان بۆ کەس باس نەکەین، ئایا باری دەروونیمان ئاسانتر دەبێت؟

- چۆن مرۆڤێک دەتوانێت بۆ دوو کەس بژی، ئایا ئەمە تەنها دەربڕینێکی شاعیرانەیە؟

- گەر خەون و هیوا و ئازارەکانمان لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بەش بکەین، ئیدی دەتوانین بۆ ئەو کەسە، یان لەبری ئەو کەسە بژین؟

- ئایا مرۆڤ هەر لەکاتە سەختەکاندا فێری شتی نوێ دەبێت و دەرکیان پێدەکات؟

- ئەی لە ساتە ئارام و هێمنەکاندا ناتوانین شتی نوێ فێربین؟

- خۆ مرۆڤ دەزانێت، کە دەمرێت، ئەی بۆ هەمیشە «سوپاسگوزاری هەموو ستێک» نیە؟

- بۆ هەر دەبێت لەو ساتانەی کە مەرگ لێمان نزیکە زیاتر هەست بە بوونی شتەکان بکەین؟

- ئایا ڕووداوی مەرگهێن وامان لێدەکات، کە زیاتر مرۆڤمان خۆشبوێت؟

- هەموو ساتێک دەشێت دوا چرکەساتی ژیانمان بێت، ئەدی بۆچی هەر لە هەندێک چرکەساتی زۆر تایبەتدا ئەو هەستەمان لە لا دروست دەبێت، کە چرکەساتی مەرگمان نزیکە؟

- گەر بزانیت چەند ساتێکی دیکە دەمریت و تەنها دەتوایت یەک دێڕ بنووسیت، چی دەنووسیت؟

- گەر بزانیت ئەو پەیامەی دەینێریت، دواهەمین پەیامی ژیانتە. پەیامەکەت بۆ کێ دەنێریت؟

- ئایا مرۆڤ هەر بەخۆڕسک زیندەوەرێکی کیناوییە، یان هەر بەخۆڕسک پڕە لە خۆشەویستی؟

- ئایا هەموو تاکێک- هەموو کەسێک دەتوانێت، یان لەتوانایدا هەیە، کە هێندەی ئەو تیرۆریستە ڕق و کینەی تێدا هەبێت و بشتوانێت بەو شێوەیە پێشانی بدات؟
- ئایا کۆمەڵە مرۆڤێک پێکەوە زیاتر دەتوانن خۆشەویستی نیشان بدەن؟
- خۆشەویستی «شتێکی» بەرجەستە نییە، ئەدی شەقام چۆن پڕ دەبێت لە خۆشەویستی؟
- ئایا ڕاستە وەڵامی گوللە بە گوڵ بدەینەوە؟
- مەبەست لە ماوەی نێوان گوتار و کردار چییە؟
- ئایا هەر گوتارێک، کە دەیڵێین، مەرجە بیکەینە کردار؟
- گەر هەموو گوتارەکانمان بەکردەوە جێبەجێ بکەین، ئایا ژیانمان ئاسانتر، یان سەختتر دەبێت؟
- ئەو پرۆفیسۆرە، کە دەڵێت «زێرابەکە دەبێت پاک بکرێتەوە» مەبەستی چییە؟ ئایا زێراب هێمایە بۆ کۆمەڵگە، یان هێمایە بۆ بیروبۆچوونی توندڕەوانە؟
- پێویستە گوێ لەو بیروبۆچوونانە بگرین، کە دژ، یان ناکۆکن بە بیروبۆچوونی ئێمەن و بەهەندیان بگرین؟
- بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سەیرکردن و خوێندنەوەی ساید، پێویستی بە ڕەوشتێکی تایبەت هەیە؟
- ئایا هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ناوی نهێنی- خوازراو، مافی هەموو کەسێکە لە هەموو زەمین و زەمانێکدا؟
- لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا مرۆڤ پێویستی بە ناوی نهێنی- خوازراو هەیە؟